# له ئەدەبی هەموو دنیادا لێکچوون هەیە و کەسیش وەک هەندێ نووسەری لای ئێمە نەیکردووە بەهەرا"

شاخەوان سدیق

بەرزان هەستیار یەکێکە لە نەوەی هەشتاکانی دەنگی شیعری کوردی و هەمیشە بەشیعرە سەرنج ڕاکێشو پرسیارە جدییەکانی ڕاماندەکێشێتە ناو دنیای تێکستەکانی هەروەک (بەختیار علی)لە نوسینێکدا دەڵێت" قەسیدەی درێژی بەرزان هەوڵێکی زۆری تێدایە بۆ چڕبوونەوە، بۆ کۆکردنەوەی مانا لەیەک وێنەی خێرادا بۆ گوتنی مانای قوڵ بە وشەی کەم لە سەروی هەمووشیانەوە تێڕامانێکی بێوچان لە مردن و شکست و تەنیای هەیە لە زۆر جێگادا خەمگینە، جۆرە هەستێکی بینینی تەنیای تێدایە بە قەدەرخۆی وەک مرۆڤ، هەستێکی پوچ بەژیان کە دەگاتە پلەی گاڵتەکردن بە

زمـــان و بـــه ئینســـانیش خـــەیاڵی بـــەرزان لەخزمـــەت نیگەرانیە ڕۆحیەکەیدایـە ئـەو خەمـە تاریکـەی ناوەوەیـە کەدەیـــەوێت ببێتـــە دەروازەی تێڕامـــان و کەرەســـتەی دروست کردنی مانا" هەربۆیە بە پێویستم زانی بۆ زیـاتر ئاشـنابوون بـە دنیـابینی بـەرزان ئـەم دیـدارەی لەگـەڵ سازبدەم.

پ/ هەمیشە دەوترت نوسین بە شێکە لە وەڵام دانەوەی شکستەکانی ئینسان ئەو شکستانەی کە نەی توانیوە بە سەریاندا زاڵ بت یـان نوسـین پڕکردنـەوەی نەقسـەکانی ئینسانە. لای تۆ نوسین هەستکردن بەنەقس بـوو؟ یـان وەڵامدانەوەی شکستەکانت؟ یان هیچ کام لەمانە نەبوو؟ مەبەستمە بڵێم دوای ئەمانە تۆ بۆ ئەنوسی؟؟

وە/ ئەگەر بەوردیی لە پرسیارەکەت وردببمەوە، ئـەتوانم بلـێَم تـا ڕادەیـەکی زۆرخـۆی لـە ناوخۆیـدا بەشـێکی زۆری وەڵامەکەشی هـەڵگرتووە، بـە واتایـەکیتر دەمـەوت بڵـــێم پرۆســـەی نووســـین لای مـــن هەنـــدێک جـــار وەڵامدانـــەوەی ئـــەو شکســـتە قورســـانەیە کـــە تـــا ســـەر ئێسـقان بەسـەر خۆمـدا دەمشـکێننەوە و هەنـدێکجاریش

پێش ئەوەی بوومەلەرزەی شکستێک ڕووبدات هەستی پێدەکەم و گەرەکمە لە ڕێگەی نووسینەوە بەربەوشکستە بگرم، کەواتە چاکتر وایە هەمیشە خۆم لە نووسین نزیک بکەمەوە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی وا، نەبم بەژێر باری شکست و مەینەتەکانەوە کە بوارێکم نەمێنێت بۆ هەناسەدان. دەنووسم، دەنووسم، دەنووسم بۆ ئەوەی "تا ئەو دووچڵ ڕێحانەی ژیانەم بۆنیان بێت " منیش دەست لە دیوارەکانی "بوون" بدەم. دەنووسم بۆ ئەوەی بەردەوام لاولاوی عیشقێک بەر پەنجەرەکەم چۆڵ نەکات. پێش هەموو شکست و دوای هەموو دارمانێک دەنووسم، نەوەک بێدەنگیی لاڵم بکات.

پ/ لە شیعرەکانتا گەڕانەوەیەکی سەیرئەبینم بۆ منداڵی و هەست بە بوونی ترسکی گەورەش لە پیری. پێم خۆشە بزانم ئەم دوو پرسە چی ئەگەیەنن لە ژیانی تۆداو دەتەوت ئەم دوو هاوکشیە چۆن هاوسەنگ بکەیت.؟؟؟؟

وە/ من وای دەبینم کە کەمکەس لە ئێمە منداڵیی خۆی بینیبێت و یان هیچ نەبێت ڕێژەیەکی کەمی لە خولیاو

ئارەزووەکانی منداڵیی بۆ هاتبێتەدی، منداڵیی لای من ئەو بناغە پتەو و سەنگینەیە کە دواتردەکرێت هەموو کێشی تەمەنی بخرێتە سەر، بەڵام بەداخەوە منداڵیی زۆربەی زۆرمان منداڵییەکی شەرمن و لەرزۆکە، منداڵییەک کە بە مانای ووشە لە هەموو ماناکانی منداڵیی بەدەر بووە، بە کوردی و بە کورتیی ئێمە کۆمەڵێک منداڵی پیرو چاوکز بووین. بیرم دێت هەر کات میوانێکمان بهاتایە دەبوایە وەک گەورەکان بەخێرهاتنی بکەین و بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوت بکەین و لەبەردەم میوانیشدا دەبوایە"پیاوانە " خۆمان پیشان بدایەو گەردەمیشمان بکردایەوە دەبوایە وەک گەورەیەک بدوێین کە ئەمەش بۆ ئێمەی منداڵ زۆر سەخت بوو.

من دەڵێم ڕەنگە بۆ ئەو کاتەی ئێمە تا ڕادەیەک ئەو جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ منداڵ ئاسایی بووبێت، ئەویش بەحوکمی ئەوەی ئەو سەردەمە بابوباپیرانی ئێمە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئەو تۆ نەبوون و دابونەریتیش هەر ئەوەندەی ڕێپێداون کە بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکەن.

مـن حـەز دەكـەم لێـرەدا شـتێكت بـۆ بگێڕمـەوە ، ئـەو كاتەی لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی پیرەمـەگروون بـووم، ڕۆژێكیـان كـە لـە قوتابخانـە هاتینـەدەرێ لـەبـەردەم قوتابخانەدا كوڕێكی دراوسێی خۆمانم بینـی كـە هـاوڕێی گەڕەكم بوو، هەر كە سڵاومان لەیـەك كردپێـی وتـم بـڕۆ بۆ ماڵەوە باوكت پاسكیلی بۆ كڕیویت ، ئیتر من بە بـێ ئەوەی هیچی لێبپرسم لەبەردەم قوتابخانەوە هەتاماڵەوە بەڕاكردن ڕۆیشتمەوەو هەر كـەخۆم كـرد بـە ماڵـەوەدا و خوشـكێكمم لـە حەوشـەبینی وتـم كواپاسـكیلەكەم؟ ئەویش هەر زۆر بە سـاردیی وتـی پاسـكیلی چـی؟ ئیتـر مـن بـەو منداڵییـە لـەوە تێگەیشـتم كـە ئـەو هاوڕێیـەكم تـەنها بـە گاڵتـەوە ئـەوەی پـێ وتـووم، مـن ئێسـتاش ڕووخسـاری ئـەو هاوڕێیـەی منـداڵییمم لەبـەرچاوە ، كـە لەیەك ڕۆژداتووشی دووحالَّەتـی جیـاوازی كـردم، حاڵــەتێكیان ئــەو هــەموو كامەرانییــەبوو كەهــەتا گەیشتمەماڵەوە خەریك بـوو بـاڵ دەركـەم، حاڵەتەكـەی تریش ئەوە بوو كە بە گەیشتنە ماڵەوەم و پرسیاركردنم لــە پاســكیلەكە تووشــی ناخۆشــترین و تاڵتریــت

شکستیکردم، جا ئیتر ئەمە نموونەیەکی بچووکە لە نائومێدییەکانی منداڵیی، بۆیە هەرسات کەدەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ کۆڵانەکانی منداڵیی، نامەوێت ئەو کۆڵانانەببن کە پڕبوون لە تاریکیی، دەمەوێت منداڵیەک بێت کە بەڕاستیی تام و چێژی خۆیم پێبەخشێت، ئەگەرچی هەندێ جاریش هەموو کۆڵانە تاریکەکانیم لە دەروازەکانی پیریی پێ خۆشترە.

پ/ بەداخەوە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمە ئەوەندە بچوک بوەتەوە کە لەبری باسکردن لە ناوەڕۆک و تەکنیک و بابەت و زمان لە دەق دا باس لە لەیەکچون ودزی و لاسایکردنەوە دەکرت. تۆ پتوایە هیچ دەقێک هەبێت لەدنیادا تەئسیری دەقێکی پێش خۆی لەسەر نەبێت؟ یان ئەم باسکردن لە لەیەک چوون ودزیە لە دنیای ئەمرۆی ئێمە دا لای تۆ چی ئەگەیەنت؟؟؟؟

وە/ هەڵبەتە ئەو وتەزایەت بیستووە کەدەڵێت " شێرچییە، جگە لەچەند ئاژەڵێکی هەرسکراو؟" ئەمە ڕاستەوڕاست لەگەڵ ئەدەبدا دەگونجێت، ئەوانەی کەتەنها دەوروخولی ئەوەدەدەن کە بزانن کامە دێڕی

فڵان نووسەر دووراو دوور دەچێتـەوە سـەر دێـڕی فڵانـە نووسەری ترو تا بۆیان بکرێت خۆیـان لـە هـەموو شـتە جوانەکانی ناو دەقەکە بەدووردەگرن و زۆرجاریش لە بێ سـەوادییاندا لـەبواری ڕەخنـەدا پـەنابۆ ئـەوجۆرە شـتانە دەبەن و ئامانجیشیان تەنها دروستکردنی تۆمەتێکی بـێ بنەمایـە بـۆ نووسـەرەکە، تـۆپێم بڵـێ کـام لـەوبوختان دروســتکەرانە، خۆیــان، وتارێــک، یــان بەرهــەمێکی ناوازەیـان پێشـکەش بەخوێنـەری کـورد کـردووە؟ مـن نکـووڵی لەوەناکـەم کـە هەنـدێ بەرهـەم نـەک هـەر کاریگـەریی بەرهـەمێکی پـێش خـۆی لەسـەرەو بگـرە هەنـدێ جـاریش گواسـتنەوەی دەقـاودەقی بەرهـەمی کەسێکیترە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تـۆ بێیـت و لـە هەرشـوێنێک بینیـت، بـۆ نمونـەمن باسـی" مـردن "م کـردووە و پـێش منـیش کەسـێکی تـر باسـی لـە گۆشـە نیگایەکی جیـاوازتر و بـە کەرەسـتەی تـەواو جیالـە مـن باسی مردنی کردبێت، ئیتر تـۆ مـن بـەوە تاوانبارکـەیت کە من ماڵی ئەوم تاڵان کردووە.

من له چەند جێیەکی تریش باسی ئەو پەتایەم کردووە و زۆریش بەوە نیگەرانم کە دەبینم مەیدانی ڕەخنەی کوردی زۆرێک لەو چەشنە نووسەرە دەستو پێ سپییانەی تێ ڕژاوە و ڕەنگە سەرلە هەندێک خوێنەری کەم ئەزموونیش بشێوێنن.

دواجار دەمەوێت بڵێم لە ئەدەبی هەموو دنیادا لێکچوون هەیە و کەسیش وەک هەندێ نووسەری لای ئێمە نەیکردووە بەوهەرا و زەناو تۆمەت بەخشینەوەیە، ئەمە جگە لەوەی نووسەری وا هەیە تەنانەت لێکچوونێکی بەرچاو لە نێوان هەندێ بەرهەمی خۆیشیدا دەبینرێت، هەربۆ نموونە، نووسەرێکی وەک "جەلیل قەیسی" گەربە هەڵەدانەچووبم کتێبی"ماڵ ئاوا ئەی شاعیران" کە چەند شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە، کاتێک کە خوێندمەوە هەستم کرد زۆربەی شانۆنامەکانی هەر لە یەک کەشدا دەسووڕێنەوە و بگرە تەواولێکیش دەچن کە ئەمە ئەگەر لای ئێمە ڕوبدات هەرئەودەست و پێ سپییانەی مەیدانی ئەدەب ئەیکەنە ڕۆژی حەشر ونووسەربەوەتاوانبارئەکەن کە کەوتۆتە دووبارەکردنەوە

وجوینەوەی خۆی. ئیدی مادام تۆ دەخوێنیتەوە و سەر بە ئەهلی نووسینیشیت، ئەوە هەرڕوودەدات کە لە شوێنێکدا شتێک بڵێیت و بنووسیت و پێش تۆش ئەو شتە بە جۆرێک لە جۆرەکان نزیک لەوەی تۆ وترابێت یان نووسرابێت. من وەک خۆم ئەو جۆرە نووسین و نووسەرانە هیچ کات نابنە لەمپەرێک لەبەر دەممدا و ئەوەی بتوانم دەیڵێم و دەیبەخشمە خوێنەرەکانم.

پ/ هەمیشە پرسی مەرگ پانتاییەکی گەورەی شیعری تۆی داگیر کردوە. بۆ خۆشی مەرگ بەدرێژایی مێژوو یەکێک بوە لە پرسیارە جدیەکان ئەمەوێت بزانم ترسانتە لە مەرگ و ئارەزوو بون و ڕەزامەند بوونتە لە ژیان. بەردەوامی بەم پرسە داوە لای تۆ؟ یان حەزکردنە لە نەمری و مانەوە؟ یان تێڕامانتە لە ژیانی دوای مردن کە ئەفلاتونیەکان پی دەڵێن ژیانی هەتا هەتایی؟ یان مەرگ لای تۆ و بۆتۆ چیە؟؟؟

وە/ وادێتەبیرم جارێکی ترو لە چاوپێکەوتنێکی ترداوەلامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، بەلاّم ئەگەر بە وردیی دیقەتی شیعرەکانی دیوانی "بە تەنیشت

فەنابوونەوە" بدەیت لەوێوەبە ئاشکرا ئەم پرسی مردنە سەر دەردێنێت و پاشانیش لە شیعرەکانی دوای ئەو دیوانە و زەقتریش لە قەسیدەی "ساڵێک لە نیگەرانیی "دا بەرجەستە دەبێت.

هەر وەک خۆشت دەڵێیت مەرگ بە درێژایی مێژوو یەکێک بووە لە پرسیارەجدییەکان، بەڕای منیش وەڵامی ئەو پرسیارە نە هێندە سانایە ونەدەکرێت بە شیعرێک دوان و ڕۆمانێک و وتارێک وەڵام بدرێتەوە، بۆیە هەمیشە لای من ئەم پرسیارە بەچەندین شێوە وگۆشەنیگای جیاوازەوە دووبارە دەبێتەوە و هەرجارە وبە جۆرێک سەنگەرم لێدەگرێت.

من هەرگیز وەک پرنسیبێکی نەگۆڕمەرگم خۆش نەویستووە و هەڵوەدای هەڵبژاردن و پێک گەیشتن نەبووم لەگەڵیدا، بەڵکو هەمیشە ویستوومە لەڕێی باس کردن ولێدوان لە مەرگ، خۆمی لێ دوورخەمەوە و جۆرە ئازایەتییەکی شاراوەش لە خۆمدا دروست بکەم و لەهەمان کاتیشدا لەو هەموو غەدرەبدوێم کە مەرگ ناغافڵانە لێمانی دەکات.

پ/ هەندک کەس لە خوێنەوەی دەقەکانتا پیان وایە تۆ زۆر رەِشبینی و بێهیوای بەرامبەر بەژیان؟ ئایا تۆخۆت هەست بەمەدەکەیت؟ یان پێتوایە پرسیارکردن لە ژیان و ئەوەی لە ناویدایە بە مەرگیشەوە بۆ خۆی بوونی گەشبینی و پرۆژەی جدییە بۆ ژیان؟؟؟؟

وە/ نازانم تۆ قەت بەشەو بە ناو گۆڕستانێکدا یان بە چۆڵەوانییەکدا ڕۆیشتوویت؟ من خۆم زۆرجار لەو شوێنانەدا لە ترساو بۆ ئەوەی ورەیەک بدەمەبەرخۆم کەوتوومەتە گۆرانیی وتن ولە ناخیشەوە ترس برستی لێبرپیوم، ئەم پرسی مەرگەش لە شیعرەکانمدا زۆربەی زۆری هی ئەوەیە کە وەک لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ئیشارەتم پێدا، ترسی مردن لە خۆم بڕەوێنمەوە، من نامەوێت بمرم، وەک چۆن هەموو جار کە پرسیارمان لە نەنکم دەکرد کە بۆچی لە مردن دەترسێت؟ ئەویش دەیوت ئاخر بە تەنها چی بکەم لەو چاڵەتاریکەدا؟ ڕەنگە ئەم وەڵامەی نەنکم ئەگەربە ڕاگوزاریی تەماشای بکەیت، ئەوەندە لای خۆی

ڕاتنەگرێت، بەڵام لای من ئەو وەڵامە کۆمەڵێک مانای گەورە و سەیری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.
ڕاستە لە هەندێ شیعردا ئەو پەنابردنە بەر مەرگ هەیە وبە تایبەتیش لە شیعری" ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن" دا بەڵام لە هەمان کات وەک ئەوەی لە خەوێکی ناخۆش بە ئاگاهاتبمەوە، سامێکم لێنیشتووە و وتوومەبەس نەبووخەوبوو !
بە واتایەکیترو ڕاشکاوانەتردەمەوێت جارێکی تریش دووبارەی بکەمەوە هەرگیز نامەوێت بەو کۆڵانانەداڕەتبم کە مەرگ بۆسەی خۆی تیاناونەتەوە، هێشتا زۆرشتماوە بمەوێت دەستم بیانگاتێ و هەست بەلەزەتیان بکەم و ڕۆشناییەکی تریان پێببەخشمەبەر هەیوانی فێنکی ژیان، هەر بۆیە نەدەمەوێت و نەدەشتوانم واز لەو پرسیارە جددی و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزانەش بهێنم، هەر لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەشەوە بەردەوام پرۆژەی ترم دەبێت و ئەو سەری توونێلی ئەو پرسیارانەشم لێ دیار نییە !!!.